# لاوان توانا و وزە و کارامەییان هەیە و دەتوانن لە بەڕێوەبردنی وڵاتیشدا ڕۆڵی کاریگەر ببینن



جیهان بە ئاراستەیەکدا دەڕوات کە(مەعریفە) قسەی یەکەم و کۆتایی دەکات. غافڵبوون لەو چەمکە و ڕەهەندە فکرییەکانی لە رابردوودا زۆر کارەساتی گەورەی دروست کردووە و بۆ داهاتووش مەترسیدارتر دەبێت. ئەگەر هەموو پارە و هێزی بازووی دنیامان لە بەردەست بێت، بە بێ مەعریفە ناتوانین شەقاوێك بۆ ئاسوودەیی و خۆشگوزەرانی خۆمان و کۆمەڵگەکەمان هەڵبگرین. زۆر دەسەڵاتی سیاسی و حاکم و حوکمڕان بە پشتتێکردن لە مەعریفە، تووشی هەڵدێران بوون. هەر مەعریفەشە وادەکات کوڕێکی گەنجی وەك (مارك زوکەربێرگ) دەبێتە داهێنەر و خولقێنەری گەورەترین تۆڕی کۆمەڵایەتی و بەرفراوانترین ئامرازی سەرچاوەی هەواڵ و زانیاری و پێوەندیگرتن و (فەیسبووك)ـەکەی سنووری ئەمسەر تا ئەوپەڕی گڵتۆپی خاکی داگیر بکات و تابۆی سانسۆرەکانیش تێکبشکێنێت. بێگومان مەعریفە و دەسەڵات دوو چەمکی پێکەوە گرێدراون و سەرچاوە و ژێرخانی مەعریفەش لە پەروەردەو فێرکردنەوە دەست پێدەکات، بۆیە بە دوای وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەگەڕێین کەوا، ئایا حکومەت و سیستمی پەروەردەی کوردستان لە دروستکردنی گەنجی وەبەرهێن و بەتوانادا چ ڕۆڵێکیان بینیوە و چ پێشنیار و ڕێکارگەلێکمان بۆ ئەو پرۆسە ستراتیژییە هەیە؟ هاوکات لەگەڵ گەڕان بە دوای وەڵامی ئەو پرسیارانەدا، لاوانی کورد داوای ئاسانکاری و بەشداریی فەرمی لە دەسەڵات و دروستکردنی سیاسەتدا دەکەن.

گوڵان: کۆمەڵایەتی



«لە هەموو وڵاتە پێشکەوتووەکان گەنج و لاو وەکو هێزێکی کاریگەر لەسەر سیستمی بەڕێوەبردنی وڵات حیسابیان بۆ کراوە و بەردەوام ڕۆڵی خۆیان لەسەر گۆڕانکاری و گۆڕانی دەسەڵات هەبووە، چونکە لاوان زیاتر لەگەڵ شەپۆلەکانی پێشکەوتن و چەندێتی و چۆنیەتی ماف و دادپەروەریدا هاوتەریبن، هەر بۆیە بەشدارییان گرینگە بۆ بونیاتنانی سیستمێکی نوێ لە حکومەتێکی بەهێز و دیموکرات و ئازادیخوازدا، دەبێت ددان بەوەشدا بنێین کە گەنج دەبێت پشت بە ئەزموونی سەقافی و کۆمەڵایەتیی خۆی ببەستێت و چ لە ناو کۆمەڵگەی خۆی و چ لەناو پلان و بەرنامەی حکومەت جێگەی خۆی بکاتەوە.»

ئەوە قسەی مامۆستا رووزار ئەحمەد بوو. جەختیش لەوە دەکاتەوە کە «هزری گەنج زیاتر نزیکە لە دەنگی شەقام و ئەو قەرەباڵغییەی پێی دەڵێن:(دەنگی خەڵك)؛ ئەمڕۆ بۆ فەراهەمکردنی ئازادی ڕادەربڕین، زەمینەی بۆ ئابوورییەکی تۆکمە و خوێندنی بەپلان و تەندروستیی باڵا رەخساندووە.» هاوکات دەڵێت: «ئەم سەقامگیری و بەرقەراربوونە پێویستی بە بازوو و عەقڵییەتێکی نوێ هەیە بۆ بەڕێوەبردنی وڵاتێك کە حکومەتەکەی گرینگی بە گەنج و نەوەکانی بدات.»

تەرزە محەمەد حوسێن، کارگێڕی لیژنەی ناوچەی ناوەندە ئەکادیمییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانە و سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «گرینگی و بەشداریی گەنج لە حکومەت و بڕیاری سیاسیدا، لە دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١بە قۆناغێکی دژواردا تێپەڕیوە. حکومەت هەمیشە هەنگاوی بەرەو بنیادنان و ئاوەدانکردنەوە لە سەرجەم بوارەکاندا ناوە، گەنجیش وەك پێکهاتەیەکی سەرەکیی نێو کۆمەڵگە خاوەنی هێز و توانایەکی لە رادەبەدەرە، بەڵام پرسیار ئەوەیە: ئایا گەنج تا چەند توانیویەتی لە ڕێگەی ئەو هێز و توانایەی خزمەت بە کۆمەڵگە بکات و کۆمەڵگە بەرەو ئاستێکی باشتر ببات ؟»

تەرزە محەمەد، لە وەڵامی پرسیارەکەی خۆیدا پرسیارێك دەکات و دەڵێت: «بێگومان بوونی ڕێژەیەکی کەمی گەنجان لە کایە جیاجیاکانی دەسەڵاتدا ڕۆڵی نەرێنی دەبینێت، بەڵام ئایا ئەوە نیشانەی بێتوانایی گەنجە، یان پاوانخوازیی سیاسییە؟ پێداگری لە سەر ئەوەش دەکات، کە «گەنجی سەرکردە دەبێت خۆی پەروەردە کردبێت و هەڵقوڵاوی ناو کۆمەڵگە بێت و وەك کەسێکی خۆبەخش و لەخۆبردوو بێت، بەبێ گوێدان بەو کۆسپ و تەگەرانەی کە دێنە سەر ڕێگای و پێویستە توانای ئیدارەدانی کێشەکانی هەبێت.»

تەرزە کۆمەڵێك پرسیاری لا دروست بووە و دەپرسێت: «گەنجی کورد چۆن لە داهاتوو دەڕوانێت؟ چ بەرنامەو پلانێکی بۆخزمەتکردن بەخۆی وکۆمەڵگە هەیە؟ حکومەت و لایەنی بەرپرس چ ڕۆڵێکیان هەبووە بۆ رەخساندنی هەلی باش لەبەردەم گەنجان، هەتا داهێنان بکەن و بەرەوپێشکەوتن و نوێخوازی هەنگاو بنێن؟ هاوکات دەڵێت: «گەنج لە وڵاتی ئێمە گرینگی و بایەخێکی ئەوتۆی پێ نادرێت، ئەمەش وادەکات، گۆشەگیر بن و بیر لە داهێنان و خزمەتکردن بە کۆمەڵگە و دوارۆژی خۆیان و وڵاتەکەیان نەکەنەوە. ڕێژەیەکی زۆری گەنجمان هەیە کە بێکارن و خاوەنی هیچ پیشەیەك نین، لە هەمان کاتیشدا زۆر گەنجی رۆشنبیر و خاوەن داهێنانمان هەن، کە هەوڵی جددییان داوە.» گوتیشی: «لە وڵاتان گەنج کاردەکات و خزمەت و داهێنانی هەیە، ئەمەش لە پێناو ژیانێکی باشتر و بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگەکەیەتی، بەڵام بەداخەوە گەنجانی ئێمە بیر لە داهاتوی وڵاتەکەیان ناکەنەوە و زۆر هۆکاریش هەن کە وایکردووە، گەنجانی ولاتی ئێمە بێزار بن و بەرەوپێشچوون بە خۆیانەوە نەبینن. بێگومان کەمیی وشیاری و رۆشنبیری لای گەنج و هەروەها نەبوونی پەروەردەیەکی تەندروست لە ناو خێزاندا، هەموو ئەو کێشەو گرفتانەی رووبەڕووی گەنج کردووەتەوە. هەروەها نەبوونی یارمەتی و پشتگیرینەکردنی گەنجان کێشەیەکی گەورەیە و پێویستە حکومەت و لایەنە بەرپرسەکان بە شێوەیەکی زۆر جددی کاری لەسەر بکەن و هەموو ئەو پێداویستی و فاکتەرانە دابین بکەن کە گەنج پێویستی پێیەتی بۆ داهێنان و دەستەبەری داهاتوویەکی گەش. هەروەها رەخساندنی کەشێکی لەبار بۆ گەنجان وادەکات گەنج بیر لە ئامانجەکانی بکاتەوە و هەموو تواناکانی خۆی بخاتەگەڕ بۆ بەرەوپێشچوونی خۆی و کۆمەڵگەکەی، بۆیە دڵنیام لەوەی ئەگەر بێت و حکومەت هاوکار و پاڵپشتێکی باش بێت بۆ گەنجان، ئەوا گەنجانمان بە جددی خزمەت بە وڵاتەکەیان دەکەن. گەنجی زۆر باش و کارامە و بەتوانامان هەیە کە جێدەستیان لە کایەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و لە حزب و حکومەتیشدا دیارە و لە زۆر بواردا خزمەتی وڵاتیان کردووە. بۆیە پێویستە لە کابینەی نویێ حکومەتدا جێگەیەك بۆ بەشداریکردنیان لە ئیدارەی وڵاتدا بکرێتەوە.

بڵند نەوڕەس مامۆستای زانکۆیە و وەك کەسایەتییەکی ئەکادیمی رایوایە: «بەشداریی گەنج لە حکومەتدا کارێکی سرووشتییە و دەبێت

**لاوان زیاتر لەگەڵ شەپۆلەکانی پێشکەوتن و چەندێتی و چۆنیەتی ماف و دادپەروەریدا هاوتەریبن، هەر بۆیە بەشدارییان گرینگە بۆ بونیاتنانی سیستمێکی نوێ لە حکومەیکی بەهێز و دیموکرات و ئازادیخوازدا**

**گەنج دەبێت پشت بە ئەزموونی سەقافی و کۆمەڵایەتیی خۆی ببەستێت و چ لە ناو کۆمەڵگەی خۆی و چ لەناو پلان و بەرنامەی حکومەت جێگەی خۆی بکاتەوە**

**هزری گەنج زیاتر نزیکە لە دەنگی شەقام و ئەو قەرەباڵغییەی پێی دەڵێن:(دەنگی خەڵک)؛ فەراهەمکردنی ئازادی رادەربڕینیش زەمینەیەکی بۆ ئابوورییەکی تۆکمە و خوێندنی بەپلان و تەندروستیی باڵا رەخساندووە**

نەوە دوای نەوە ئەو ئەرکە بەجێ بهێنن.» هاوکات دەپرسێت: ئایا ئەو گەنجەی دەچێتە ناو کاروباری حکومەت، مەرجە تەنیا گەنج بێت و تەواو؟» هەر لە وەڵامی ئەو پرسیارەی خۆیدا دەڵێت: «دەبێت گەنج بە پاڵنەرێکی گەنجانەوە بچێتە ناو کاروباری حکومەت و ئیدارەی وڵات و پێویستە لە کارەکانیدا کراوە و چالاك و کارامە بێت، مەرجە ئەو گەنجەی کاری پێ دەسپێردرێت لە حکومەت، گەنجێکی خاوەن ڕا و ئەزموون و شارەزایی بێت و پلانی هەبێت بۆ ئەو کارەی کە مەبەستە و پێویستە بیکات.» هاوکات دەڵێت: «گەنجان هێزی کار پێکدەهێنن، ئەو هێزەی کە سووڕی ئابووری ڕێکدەخات و پەرە بە بوارەکان و کەرتەکان دەدات و ئەنجامی بەرزتر بەدەست دەهێنێت. توانای گەنج چەند گرینگە لە ڕووی جەستەییەوە، دوو هێندە گرینگترە لە ڕووی هزری و کارگێڕییەوە، چونکە گۆڕانکاری لە شێوازی بەڕێوەبردنی کاردا لە ئاستی فکری و هوشیاری گەنجەکەوە دێتە کایەوە، نەك تەنیا لە هێزی گەنجبوونی، بە مەرجێك گونجاندن هەبێت لە نێوان ئاستی داوا و ئاستی بەردەست. گەنج دەتوانێت بە پشتبەستن بە شارەزایان و پسپۆڕان، مۆدێل و ئەزموونی نوێ بهێنێتە ناو کاری حکوومییەوە و دەتوانێت ڕۆڵی سەرکردایەتیکردن و بەڕێوەبردنی ئەرکەکان لە ئەستۆ بگرێت. ڕاوێژکردن بە گەنج و بە بەئەزموونەکان نێوانگیرییەکی باشە بۆ بڕیاری دروست، چونکە ئەزموون و کەڵەکەبوونی کاری رابردوومان بۆ دەستنیشان دەکات و گەنجانیش دنیابینییەکی نوێ و سەردەمییان هەیە بۆ کارەکان و هاوتەریبن لەگەڵ پێشکەوتن و گۆڕانکارییەکان، بۆیە زۆر گرینگە گەنج دەرفەتی بەشداریی کارای لە دەسەڵات و لە جومگە گرینگ و کاریگەرەکانی حکومەتدا پێ بدرێت. هەروەها ئەگەر گەنجی کارامە و بەوزە لە سیستمی حوکمڕانی بەشدار بێت شێوازی کاری حکوومی بە مۆدێلێکی تازەدا دەڕوات و بابەتی رۆتین و خەمساردی کەم دەکرێتەوە و بڕیاری خێرای دیراسەکراو شوێنی بڕیاری سست و تاقەتپڕووکێن دەگرێتەوە. بوونی گەنج لە حکومەتدا پێویستییە بە جۆرێك کە مەودایەك و پانتاییەك هەبێت بۆ ئەو گەنجانە کە لە ڕێگەیەوە ئەفراندن بکەن و لە کۆتاییدا ئەنجامێکی پەسەند و شایستە پێشکەش بە کۆمەڵگە بکەن.

زاهیر زاهیر، کارگێڕی لقی قەڵات-ی هەولێری یەکێتی قوتابیانی کوردستانە و سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «گەنجی سەرکردە داینەمۆی سەرکەوتنی حکومەتێکی بەهێزە لە هەموو وڵاتێکدا، هەر بۆیە لە زۆربەی وڵاتانی دیموکراتیخواز و پێشکەوتوودا گەنجان پێشەنگن و دەوری کاریگەرییان هەیە، هەروەها فاکتەرێکی بەهێزن لە بەرەو پێشچوونی کۆمەڵگە، بۆیە دەبێت سوود لە تواناکانیان وەربگیرێت، هەرێمی کوردستان ئەزموونێکی سەرکەوتووی ناوچەکەیە، بەشێکی ئەم سەرکەوتنە دەگەڕێننەوە بۆ توانای گەنج لە بەڕێوەبردنی دامەزراوەکانی حکومەتدا، تا چەند دەرفەتی زیاتر بە لاوان بدرێت، ئەوەندە گۆڕانکاریی ئەرێنی بەرهەمدێت.»

ژاڵە حازم کاکەیی، کارگێڕی لقی منارەی هەولێری یەکێتی قوتابیانی کوردستانە و رایوایە: «سەرکەوتنی هەر حکومەتێك لە هەر وڵاتێکی دیموکراسی و پێشکەوتوودا پەیوەستە بە بەشداریکردنی گەنجان و ڕۆڵیان لە ئیدارەکردنی وڵاتدا.» نموونەش بەوە دەهێنێتەوە کە: «سەرۆك وەزیرانی کەنەدا گەنجەو لە پیادەکردنی دەسەڵاتەکان و پیشخستنی وڵاتەکەی ڕۆڵێکی بەرچاو دەبینێت.» هاکات بە پێویستی دەزانێت «بۆ دروستکردنی سەرمایەی مرۆیی لە پرۆسێسی خوێندن (هەر لە قۆناغی بنەڕەتییەوە تا زانکۆ)، قوتابی «سەنتەر» بێت و مامۆستا و ستاف و ئیدارە و پرۆگرام و کەلوپەلی خوێندن بە شێوەیەك ئامادە و ڕێکبخرێت کە بتوانن ئەم کائینە دروست بکەن و بەپێی یاسای وەبەرهێنان و بە کردەوە هانی وەبەرهێنەرانی خۆماڵی و بیانی بدرێت، کە لە زانکۆ و قوتابخانەکان فێرگە بکەنەوە. هەتا بایەخی زیاتر بە خوێندنی پیشەیی بدەن.» جەختیش لەوە دەکاتەوە کە لاوان توانا و وزە و کارامەییان هەیە و دەتوانن لە بەڕێوەبردنی وڵاتیشدا ڕۆڵی کاریگەر ببینن.»

ناهید موکری چالاکی دوورەوڵات سەبارەت بە هەمان پرس هێما بۆ ئەوە دەکات: «سیستمی پەروەردە لە وڵاتانی پێشکەوتوودا لە ژێر کاریگەریی هیچ بیرۆکویەکی ئایینی و ئایدیۆلۆژییە تایبەتەکاندا نییە، بەڵام لە کۆمەڵگە نەریتییەکان بە هەرێمی کوردستانیشەوە سیستمی پەروەردە و بەڕێوەبەر و مامۆستاکانی قۆناغە جیاجیاکانی خوێندن ئەوەندەی هەوڵدەدەن ئایدیای دینیی خۆیان بسەپێنن، ئەوەندە بایەخ بە بەهاکانی دیکە وەك پیشە و کار و داهاتووی گەنج نادەن، بۆیە پێویستە پێداچوونەوەیەکی ریشەیی بە سیستمی پەروەردەی خۆماندا بکەین، تا بتوانین ببینە خاوەن وڵاتێکی پیشەیی و گەنجی وەبەرهێن و بەتواناش بتوانن تێکەڵ بە بازاڕ ببن و ئابووریی خۆیان و وڵاتەکەشیان باشتر بکەن.»

**ئەم سەقامگیری و بەرقەراربوونە پێویستی بە بازوو و عەقڵییەتێکی نوێ هەیە بۆ بەڕێوەبردنی وڵاتێک کە حکومەتەکەی گرینگی بە گەنج و نەوەکانی بدات**

**گەنج لە وڵاتی ئێمە گرینگی و بایەخێکی ئەوتۆی پێ نادرێت، ئەمەش وادەکات، گۆشەگیر بن و بیر لە داهێنان و خزمەتکردن بە کۆمەڵگە و دوارۆژی خۆیان و وڵاتەکەیان نەکەنەوە**

**کەمیی وشیاری و ڕۆشنبیری لای گەنج و هەروەها نەبوونی پەروەردەیەکی تەندروست لە ناو خێزاندا، هەموو ئەو کێشە گرفتانەی ڕووبەڕووی گەنج کردووەتەوە**